لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلەمانی سەردانی دوکان و بازاڕی عەربەتیان کرد

ئەمڕۆ سەشەممە (17ـی تشرینی یەکەمی 2023) بەمەبەستی پشکنینی کاڵا و خواردەمەنییانەی لە بازارەکان دەفرۆشرێت، لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلەمانی سەردانی دوکان و بازاڕی ناحیەی عەربەتیان کرد.

بەشی ڕاگەیاندنی قایمقامیەتی سلەمانی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "لە هەمەتی لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلەمانی، سەرجەم چێشتخانە، خواردەمەنی، مارکێت، سەرتاشخانە و هەموو دوکانەکانی بازاڕی ناحیەی عەربەتی سەرلە و خوارلە بەسەر کراونەتەوە و لە کەی سەردانەکانیان تەنها سێ پسولەی سەرپێچی و دوو پسولەی ئاگادار کردنەوە تەمارکراوە".

بەگوێرەی بەیاننامەکە هاتووەش، بەهۆی پابەندبوونی خاوەن شوێنەکان بە مەرجەکانی تەندروستی و ڤێتەرنەری و ڕێنماییەکانی دیکەی کارکردن، لەلایەن لیژنە هاوشەکانی قائیمقامیەتی سلەمانییەوە دەستخۆشی و سوپاسیان ئاراستە کراوە.